# جێژوان

مانگه شەوی پاییزی وەک ڕێبواریکی ماندووی دابڕاو لە کاروانی نێو دارستانی چڕ بە ئارامی لە نێو پەڵە هەورەکان تێ دەپەڕی. ڕووناکی زەردی خۆی هاویشتبوە سەر گوندی بە تاق کەوتووی بناری چیاوە.
گوند لە دوور ڕا وەک بۆرە مارێکی پاپۆکەخوراوی بەر ئەشکەوتی بەهاری دە یڕوانیە سەرچۆمی **تەتەهوو**، گوند و دانیشتوانی، ئەوشەوە هەستیان بە ئارامیەکی ئە بە دی دە کرد لە دڵی خۆیا ندا.
خەوی ئارامی گوند بە سەگ وەڕێکی توند تێکچوو. گومانی ئەوە دەکرا کە جارێکی دیکەش چەتە دەوری ئاوایی دابیت.
ترس و لەرز دار و دیواری دێی داگرتبوو، گوند ودانیشتوانی دەتکووت مەشکەی بەرەبەیانی ڕوژگاری بەهارین رادە ئەژێن.
چرا فانووسە نەوتیەکان بە پەلە کووژانەوە، دڵی دێ وەک ڕووباری **تەتەهوو** هاژەی ئەهات ، بێ دەنگی‌یەکی بەسام دڵی گوندی داگرتبو.
گومانی ئە وەش هەبوو کە گەلە گورگی برسی ڕوویان کردبێتە دێ، بۆ دڕین و بڕینی مێگەلی نێو ئاغەڵەکانی پشتی دێ.
هەردووک مەترسیەکی گەورە بوون بۆ دڵی دانیشتوانی دێ، جارجارە دەنگی سەگ‌وەڕ توند و توندتر دەبوو، جارجارەش بێ دەنگ. دایکانی کۆرپە لە لانک دا دڵە لەرزە کەوتبووە دڵیانەوە ،زوو زوو لانکەکان‌یان ڕادەژاند و مەمکەشوشەی ساردە بوویان دەخەستە زاری کۆرپەکانیانەوە.
مەلای گوند کە زۆر پەشۆکا بوو بە بیجامەی سپیەوە کە دەتکووت ساحێبی ئاوە هەڵخول هەڵخولی بوو لە نێو ماڵی تاریک و تنۆک دا دەستە کوتەی بوو بۆ بەرماڵ و دوعا بۆ خەڵکی گوند.
مەلاژن لە بەرخۆیەوە خەریک بوو ئایتەلکورسی دەخوێند و دەپاڕایەوە بۆ گوندی هەژار، لە ترسانە سەری ڕادەدەوەشاند و لە پەنجەری نێوماڵەوە دەیڕوانیە گوندی تاریک و مات گرتوو.
مانگ خەریک بوو لە کەل ئاوا دەبوو و دوایین روناکی زردەکانی خۆی خستبوە سەر دێ.
لە گیشەگیاکانی قەراغ دێ جارجارە دەنگی نەرمی هاسە وهەناسەی ئەوین‌دارانی شەو ئەگەییە گوێ، ئەویندارانی شەو وەک دوو ماری ئاشقە و باشقەی بەر خۆرەتاوی بەهاری تێک هاڵابوون ، مانگ خەریکی ماڵ ئاوایی بوو لێیان، بەڵام دڵدارانی شەو سەرمەستی دەمولیوی یک بوون ،جارجار لە سۆی گیشەگیاکان دەرئەکەوتن، جارناجار وون ئەبوون، زوقمی دەمەوبەیانی سەر گیشەگیاکان بە لەشی گەرم داهاتوویان دا ئەتوایە وە .
پێکەنینی نەرم و گەرمی ئە وین داریان تێکەڵ بە شەپۆلی مەند و ئارامی ڕووباری **تەتەهوو دا دە داو** مانگیش بزەی شادی بۆ لێ ئەدان.

کە ریمی ئیلخانی

ڕێکەوتی 200120401